عێراق
هەڵوەشاندنەوە یاخود سەنتراڵ کردنی ئاسایش ؟

ن: جابر حەبیب جابر
و/ بەدەستکارییەوە: ئاسۆ جەلال

لە میانەی ژماردنی پێنج ڕووداودا کە ماوەی ساڵی ڕابردوو ڕێڕەوی جیهانیان گۆڕی، ڕۆژنامەی "فایننشیاڵ تایمز" ڕووداوی تەقاندنەوەی هەردوو مەزارگەی سامەڕای بە یەکێك لە و پێنجە ئەژماردووە.

گومان لەوەدا نییە ئەم گرنگییە لەتێکەڵبوونی دۆخی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی دێ بە کێشەکانی عێراق، ئەمەش وای کردووەو دەکا کاریگەرێتی ڕووداوەکە بە تەنها لە چوارچێوەی عێراقدا گۆشەگیر نەبێت، بەڵکو کاریگەری بەسەر تەواوی جیهاندا هەبێ، چونکە ئەگەر پلانەکە بەو ئاراستەیەدا بڕوا پلاندانەرەکان دایاننابوو، کە دروستکردنی ئاژاوەی تایفەگەری و پاڵێوەنانی وڵاتە بۆ نێو شەڕی نێوخۆ، کە ئەمیشیان دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەی نەك تەنها لە کۆچی بەرفراوانو ڕاکردن و جێهێشتنی بە کۆمەڵی عێراق بەرەو دراوسێکانیدا دەبوو، بەڵکو کاریگەری بەسەر هاوشێوە مەزهەبییەکانی وڵاتانی هەرێمایەتیشدا دەبوو، ئەمە لەتەك ئەوەشدا کە کێشەی عێراق بە تەواوی ئاڵۆزییەکانیەوە بە جیهانی کراوەو، ئاسەوارەکانیشی هەر جیهانی دەبێ. ئەم پلانە ئەگەر بە تەواویش سەرکەوتوو نەبووبێ بۆ پاڵێوەنانی وڵات بەرەو شەڕی نێوخۆ، بەڵام بارودۆخەکەی بەرەو کەنارگەلێکی ترسناکی توندوتیژی تایفی پەلکێش کرد..

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا بارودۆخ لە عێراقدا گەیشتۆتە خاڵی نەگەڕانەوە (اللاعودە)و ؟ ئایا توانستی کۆنترۆڵکردنی توندوتیژی تێیدا بۆتە ئەستەم، چارەسەرەکان گەیشتوونەتە بن بەست؟،یاخود ڕۆڵەکانی گەلی عێراق بەسەریاندا سەپاوە کە لە پاڵ حکومەتێکی دەستەوەستاندا چارەسەری تاکانە بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

هێزەکانی ئاسایشو سوپاو پۆلیس تا دێ ژمارەیان قەبەتر دەبێت، بێ ئەوەی کارەکانیان باشتر ببن، ئەوەتا کەرتێکی زۆری نوخبە پیشەیی و خاوەن بڕوانامەمەو چینی مامناوەند چارەسەریان لە کۆچکردندا دۆزیوەتەوە، ئەوانەش کە لە ڕووی مادییەوە توانای کۆچیان نییە، یا لە سایەی خێوی مەرگدا مانەتەوە، یاخود بەرەو ئەو ناوچانە ڕۆیشتوون کە هاوەمزهەبیانن، هەندێکیش لە چۆڵەوانیدا مانەتەوەو چاوەڕوانی ئەو یارمەتیە کەمە دەکەن کە هێزە فریاگوزەرەکان پێشکەشی دەکەن، هەندێکی تریش بە کۆچی پێچەوانەوە گەڕاونەتەوە ئەو شارا نە کە لێوەی هاتبوون، هەندێکی دیکەش پەنای بردۆتە بەر میکانیزمی ئاڵوگۆڕکردنی خانوو لەگەڵ بڕادەر یا خزمێکی سەر بە مەزهەبەکەی دیکەو، هەریەکەیان دەچێتە خانووی ئەویتر کە لە ڕووی مەزهەبییەوە بۆی دەگونجێ، ئەوەی جێگای سەرنجیشە تەواوی ئەم چارەسەرانە دەیسەلمێنن عیراقیەکان بڕوایان بەوەیە کە ئەمە دۆخێکی ڕاگوزەرە بەسەر کۆمەڵگایەکاندا هاتووە، بۆیە ئەوانیش چارەسەری کاتی بۆ دەدۆزنەوە، چ بە کۆچ بەرەو دەرەوە یاخود بەرەو ناوەوە، ئومێدیشیان هەیە وڵاتەکەیان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لەوەتەی هەیە پێکهاتەکانی بەیەکەوە دەژین.

لە بەرامبەردا قەوارە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی ئەو وڵاتە، ڕۆژانە بێ توانایی خۆیان دەسەلمێنن، باشترین شت کە لە توانایان دابێ بەردەوامیو پێکەوە ژیانە لەگەڵ توندوتیژی ڕۆژانەداو، هەوڵی کۆنترۆڵکردنیەتی تا نەگاتە خاڵی نەگەڕانەوە، ئەوەتا زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان لە بڕی مانەوەو چارەسەرکردنی کێشەی هاوولاتیان، چوونە حەجیان بە باشتر زانی بۆ ئەوەی دوعای خێرو ئاسایشیان بۆ بکەن، سەبارەت بە ئەنجومەنی نیشتمانیو دیداری سەرکردەی کوتلەکانیش بێ متمانەیی و خولانەوە لە بازنەی داخراوی تۆمەتگۆڕینەوە بااڵی بەسەردا کێشاوەو گەیشتن بەهەر ڕێکەوتنێك زۆر زەحمەت بووەو، لەویش زەحمەتتر جێبەجێکردنی هەر ڕێکەوتنێکە کە پێی دەگەن، کێشەکە لە تەك ئیفلیجی لە دۆزینەوەی چارەسەردا، نەبوونی هەستکردنیشە بە بەرپرسیارێتی لە بارەی ئەو کارەساتەی کە ڕوودەدا. لە کاتێکدا کە پریشکی ئاگری عێراق سەرکردەی زۆربەی ئەو وڵاتانەی گرتۆتەوە کە دەستیان لە کێشەی عێراق دا وەرداوە، ئەوەتا سەرکردەکانی پورتوگاڵو ئیسپانیاو ئیتاڵیا لەسەرکار لابران و، واش چاوەڕوان دەکرێ بەریتانیا بە دوایاندا بێت و، بۆ یەکەمین جاریشە لە ماوەی دوانزە ساڵدا حزبی دەسەڵاتدار لە ئەمریکا زۆرینەی تەشریعی خۆی لە دەست بدات، وا لەسەر لێواری لە دەستدانی سەرۆکایەتیشە، سەرەڕای تەواوی ئەمانە بەشێکی توێژی سیاسی هێشتا هەست بەوەناکەن کە لاوازی و شکستی ئەوان، بەرپرسە لە شکستی عێراقو تێوەگلانی جیهانیش. بۆیە پێم وایە دەبێ چارەسەر بەسەر عێراقدا بسەپێنرێ، لێرەشدا چارەسەرێك بە مێشکمدا دێ، هەرچەندە ساکار دێتە بەرچاو بەڵام لەوانەیە دوا چارەسەربێ، ئەویش پارچە پارچەکردنی ئاسایشە لە عێراقدا، واتا دابەشکردنی بەرپرسیارێتی ئاسایش بەسەر پێکهاتەکانی عێراقدا، بەڵگەشمان بۆ سەرکەوتنی ئەم پێشنیارە، کوردستانە، کە شوێنێکی ئاسایشە بەهۆی ئیدارەو دەسەڵاتی کوردەکانە بەسەر ئاسایشی خۆیاندا. ئەگەر ئاسایش دابەش بکرێ، ئاسایشی ناوچە شیعە نشینەکان بەسەر بەشی شیعە لە حکومەتدا دابەش بکرێو، بەرپرسێتی ناوچە سوننەکان بخرێتە ئەستۆی سەرکردە سونەکان، ئەوا لە چارەسەر نزیکتر دەبنەوە، چونکە ئەوەی هێزە سیاسیە سوننەکان هەمیشە گلەیی لێ دەکەن، پەراوێزخستن و بێ ڕۆڵکردنیانە لە بڕیاردا، چارەسەریش بەشداری پێکردنیانە لە بەرپرسێتی و، لە بڕی ئەوەی لێیان گەڕێن لە کەناڵە ئاسماییەکانیانەوە ڕەخنە بگرن، با ئاسایشی ناوچەکانیان بخرێتە ئەستۆ، ئەمەش بەوە دەکرێ کە سەرکردایەتی هەر ناوچەیەك بە دەستی خۆیان درکەکانی خۆیان دەرکەن. بۆ ئەوەش ماوەیەکی زەمەنی دیاری بکرێ، دوو یاخود سێ مانگ، لەگەڵ دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست. ئەوکات سەرکردە سوننەکان، کە تێڕۆر ناوچەکانیانی تەنیوە، دوو چارەسەریان لەبەردەمدا دەبێت، یا بجەنگن و" قاعیدە"و هێزەکانی توندوتیژی لەناوبەرن، یاخود لێیان گەڕێن دەسەڵات بگرنە دەستو ئەو ناوچانە حوکم بکەن. ئەوکاتیش لە بەردەم دەوڵەتێك دا دەبین، کە دوو نموونەی تێدایە، وەك ئەوەی چین دوای گەڕانەوەی هۆنگ کۆنگ کردی، کە دوو جۆر ئابووری هێشتەوە، عێراقیش دوو نموونە دەبێ، یەکەمیان: دەوڵەتێکی مەدەنی کە یاسا حوکمی دەکات، ئەوی دیکەش دەوڵەتێکی تاڵیبانەو "قاعیدە"و هێزە توندڕەوەکان حوکمی دەکەن.

ئەگەر جێگری سەرۆکی کۆمار، بەڕێز هاشمی کە سەربازکارەو خودان گەورەترین حزبە لەبەرەی سوننەکاندا ئەو ئەرکەی بخرێتە ئەستۆ، لە ژێر ناوی سەرکردایەتی ناوچەی ڕۆژئاواوو ناوەڕاستدار چەند تیپێکی سوپای پێ بسپێردرێ، لە بەرامبەریشدا داوا لە لایەنی شیعە بکرێ ناوچەکانی کۆنترۆڵ بکات و میلیشیا نەهێڵێ دەسەڵاتی یاسا بچەسپێنێ و، سەرکەوتنی هەر لایەنێك لە پاراستنی ڕۆڵەکانی مەزهەبەکەی تر کە لە ناوچەکانی ئەودا جێنشینن بکرێتە پێوەر، ئەوکات ئەمە دەبێ، یەکەم: تاقیکردنەوەیە بۆ ڕاستگۆیی نوێنەرایەتی سیاسی سەرکردەکان، دووەمیش ناچارکردنیان بە وەرگرتنی بڕیارە قورسەکان، سێیەمیش: کەڵك لێوەرگرتنیان بەتایبەت کە بە تواناترین لایەنن لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ناوچەکانیان ودۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێ کردنی . دواجاریش پەرەپێدانو خەرجی پرۆژەکان خەڵاتێکی پێکەوە گرێدراو دەبن لەگەڵ ئاستی جێگیری ناوچەکان.

بەڵام دوای ئەوەی سیاسییەکان، ئەو پێشنیارەی کوردیان ڕەتکردەوە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێیاگەیاندن، ئەویش بە ڕەوانەکردنی هێزە کوردەکان بۆ بەغداد، دابینکردنی ناوچەکانیو بەڵێندانیش بەوەی کە هەر چرکەساتێك داوا بکرێت لەو ناوچانە بکشێنەوە، دووپاتی دەکەمەوە کە هەر چارەسەرێك پێویستە بەسەر ئەو سیاسەتەمەدارانە دا بسەپێنرێ کە تەنها خەمی دەسەڵاتو بەرژەوەندییەکانی خۆیانەو بێ متمانەییو ململانێ بەرێوەیان دەبات، ئەمەشیان لە سەرو ئاسایشی ئەو هاوولاتییەوە داناوە کە چاوی لە پاراستنی ژیانو جێگرییەتی، نەك تەنها لەسەر دەستی ئەوەی لە ڕووی مەزهەبییەوە جیاوازیی لەسەرە، بەڵکو تەنانەت لەسەر دەستی زیندەوەرانی ئەستێرەکانی تریش..

سەرچاوە: ئەلشەرق ئەلئەوسەت/ ژمارە١٠٢٥٣

فەرهەنگی ڕێگا

ئاپارتاید (جیاوازی ڕەگەزی)
Apartheid

ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگەکاندا بە واتای جیاوازیکردنو لە سەروودانانەوە هاتووەو، لە ڕووی سیاسییەوە بەو شێوازە دڕندانەیەی جیاوازی ڕەگەزی دەڵێن کە لە ساڵی (١٩٤٨)ەوە تا سەرەتای دەیەی نەوەد لە سەدەی ڕابردوودا لە وڵاتی ئەفریقیای باشوور دژ بە ڕەش پێستەکان پەیڕەو دەکرا، بەپێی ئەم سیاسەتە ڕەش پێستەکان جیادەکرانەوە لە هەندێ ناوچەی تایبەتدا، کە دەوڵەت دەستنیشانی کردبوو، ڕادەگیران و، هەرچەندە زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتیان پێکدەهێنا، بەڵام لەسەرجەم مافی سیاسیو شارستانیو کۆمەڵایەتیو پێشکەوتن بێبەشکرابوونو لەلایەن کەمینەیەکی سپی پێستەوە حوکمدەکران. بەهۆی خەباتی بێووچانو بەردەوامی ڕەشپێستەکانی ئەفریقیای باشوورو نارەزایی بەربڵاوی کۆمەڵگەی جیهانیو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، سەرەنجام دەوڵەتی سپی پێستانی ئەفریقیای باشوور لە ساڵی ١٩٨٩دا وازی لەم سیاسەتە هێنا، لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا (نیلسۆن ماندێلا) وەك یەکەم ڕەشپێست بۆ سەرۆکایەتی وڵات هەڵبژێردرا پاش (٢٧) ساڵ زیندانی ئازادکرا، ئینجا بەرەو کۆشکی سەرۆکایەتی بەڕێکرا، بەم شێوەیە سیاسەتی ئاپارتاید لەوێدا کۆتایی پێهات و سەردەمێکی نوێ لە ژیانی سیاسی ڕەش پێستەکانی ئەفریقیای باشوور دەستی پێکرد.

***بەسوود وەرگرتن لە فەرهەنگی ڕامیاری (نیگا) ئامادەکراوە کە لە ئامادەکردنو وەرگێڕانی (ئازاد وەلەدبەگی)یە.**

سەرکردە سەربازییەکانی ئەمریکا پێشنیار دەکەن هێزەکانیان لە عێراق زیاد بکرێت
بەرپرسانی هەواڵگریی: هەوڵەکانی (ئەلقاعیدە) بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عێراقدا پشتیوانی لێدەکرێ

ئا/ کوڤان

گەورە ئەفسەرانی سوپای ئەمریکا لە عێراق، لەوانەی سەرۆك بۆش متمانەیان پێدەکات، بەباشی دەزانن ژمارەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراقدا زیاتر بکرێت، کە ئەمەش دواین کۆسپە لەبەردەم کۆمەڵێك پێشنیار کە واچاوەڕوان دەکرێت سەرۆك بۆش لە چوارچێوەی ستراتیژە نوێیەکەیدا سەرتای ساڵی نوێ بڕیاریان لەسەر بدات، ئەمە لەکاتێکدایە کە سەرۆك بۆش چوارشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاندبوو کە هێشتا بڕیاری نەداوە، کە ئایا بەم زووانە ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا زیاد دەکات یا نا؟.

لەلایەکی دیکەدا ڕۆژنامەی (لوس ئەنجلوس تایمز)ی ئەمریکی لەژمارەی ڕۆژی ٢٣ / ١٢ دا لەسەر زاری بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگری کە نەیویستووە ناوەکەی ئاشکرا بکرێت، بڵاویکردۆتەوە کە سەرکردە سەربازییەکان، لەنێوانیشیاندا، سەرۆکی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق (جۆرج کایسی) هێشتا ژمارەی ئەو هێزانەیان دەستنیشان نەکردووە کە پێویستیان پێیەتی. لەدرێژەی هەواڵەکەدا ڕۆژنامەی نابراو ئاماژەی بەوە کردووە کە سەرکردە سەربازییەکان داوای نزیکەی (٢٠) هەزار سەربازیان کردووەو سەرکردایەتی ئەمریکا لە عێراقدا بەپەسندی دەزانێت پشتیوانی هێزەکانیان بکەن.لە لایەکی دیدا چەند ڕۆژێك بەر لە سەردانەکەی وەزیری بەرگری تازەی ئەمریکا (ڕۆبرت گیتس) بۆ بەغدا هەریەك لە گیتس،ر رایس و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی (ستیڤن هادلی) لە ڕێککەوتی ٢٣ / ١٢ لەکامپ دیڤید لەگەڵ سەرۆك بۆش کۆبوونەوە، تا لەوێدا گیتس ڕاپۆرتێك لەبارەی سەردانەکەی بۆ بەغدا پێشکەش بە سەرۆك بۆش بکات کە ڕاسپاردەکانی گەورە ئەفسەرانی سەربازی دەگرێتە خۆ، بەر لەوەی سەرۆك ستراتیژە نوێیەکەی جار بدات. ڕۆژنامەی نابراو بڵاویکردۆتەوە کە هەردوو ژەنەراڵ (جۆرج کایسی و جۆن ئەبیزید) لەو باوەڕەدان زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەبێتە هۆی پاشخستنی پێکهێنانی هێزەکانی ئاسایشی عێراقو توڕەیی زیاتری جیهانی عەرەب بەرامبەر بە ئەمریکا.

هەر لەمبارەیەوە، هەندێ سەرچاوەی هەواڵگری و شیکاری سیاسی ڕایانگەیاندووە کە هەوڵەکانی ڕێکخراوی تیۆرستی (ئەلقاعیدە) بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عێراقدا، لە توانایدایە بەرپەرچی حکومەتی بەغدا بداتەوە، چونکە لەلایەن چەکدارانی سوننەوە تا ڕادەیەك پشتیوانیان لێدەکرێو ئەگەری سەرکەوتنی ئەم هەوڵانەش ڕەنگە باشتر بێت گەر هاتوو کردەوە توندوتیژەکانی نێوان سوننەو شیعە لە عێراقدا ڕوو لەبەرزبوونەوەدا بن بەجۆرێ لەدەست دەربچن ، کە ئەمەش وا دەکات (ئەلقاعیدە) ببێتە پەناگەیەکی ئارام بۆ سوننەکان لە وڵاتدا .

بەرپرسێکی هەواڵگریی ئەمریکا لەمبارەیەوە دەڵێت: (ئەوەی کە پێیدەگوترێ دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی، کە لە (١٥ / ١٠/٢٠٠٥) دامەزرێنرا، لە لایەنێکەوە زیاتر پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت لەلایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە لە عێراقدا).

بەرپرسێکی دیکەی هەواڵگری کە نەیخواستووە ناوی بهێنرێت، چونکە کێشەکە زانیاری نهێنی تێدایە، بە ئاژانسی (ڕۆیتەز)ی ڕاگەیاندووە کە (هەوڵدەدەن حکومەتێکی دیکە پێکبهێنن کە لەدەرەوەی حکومەتی ئیستادا شەڕ دەکەن لەپێناو سەلماندنی ڕەوایەتی خۆیان) لەلایەکی تردا (ئەیمەن ئەلزەواهری) کەسی دووەمی ڕێکخراوی قاعیدە بە ئاشکرا پشتیوانی خۆی بۆ ئەم بیرۆکەیە دەربڕیوە لەو کاسیەتە ڤیدیۆییەی کە هەفتەی ڕابردوو بڵاوکراوەتەوەو تیایدا داوا لە موسوڵمانان دەکات پشتیوانی لەوە بکەن کە ناوی لێناوە (دەروازی ڕزگارکردنی فەلەستێن و بوژاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی) ئەمەو ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ڕایگەیاندووە کە دەوڵەت لەبەغداو کۆمەڵێك هەرێمدا هەیە، لەوانەش پارێزگای ئەنبار کە هێزەکانی ئەمریکا لەوێدا شەڕ لەگەڵ نزیکەی (١٠) هەزار شەڕکەر دەکەن، بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنەوەی پارێزگاکە.

بەرپرسان لەبارەی ئەو هەوڵانەو ڕایانگەیاندووە کە گوایە پەیوەندیدارن بەمەترسیەکانی سوننە بەرامبەر بە زۆرینەی شیعە کە ئێستا لە عێراقدا باڵا دەستن. هەندێ شیکاری سیاسیش لەمبارەیەوە وای بۆ دەچن کە بەڵێندان بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی سوننی لە جەرگەی عێراقدا ڕەنگە ببێتە هۆی ڕاکێشانی ژمارەیەکی پتری ئەو عەرەبە خۆبەخشانەی لەدەرەوەی عێراقەوە پەیوەندی بە ئەلقاعیدە دەکەنو، هاوکات دەبێتە هۆکارێکیش بۆ ئەوەی ئەو موسڵمانە عەرەبانەی کە دەڵێن قاعیدە جگە لە بەرەنگاری چەکدارانە هیچی تری پێ نییە، هەڵوێستیان بەرامبەر قاعیدە بگۆڕن.

***سەرچاوە : الشرق الاوسط ٢٤ / ١٢ / ٢٠٠٦**

ئە نجومەنی ئاسایش بەکۆی دەنگ سزای بەسەر ئێراندا سە پاند
تاران سووربوونی خۆی لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ڕاگەیاند

ئا: سەلام عومەر

دوای سێ مانگ لەکۆبوونەوەو لێکۆڵینەوەی بەردەوامی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی ئێران، ئەنجام بە کۆی دەنگ بڕیار لەسەر سزای سنووردار بەسەر ئێراندا درا.

ئەم سزایەش بەپێی مادەی (٤١)ی بەندی حەوتەمی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکانو هەر پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش تا دواساتی بڕیاردانیش لە گفتوگۆیەکی بەردەوام دا بوون.

(وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو ڕوسیا چین) لەگەڵ ئەڵمانیش، ئەم شەش وڵاتە بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو لە ئەنجومەنی ئاسایشدا بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا کە سزای هێنانو بردنی هەر شتێك پەیوەست بێت بەتەکنەلۆژیاوە لەسەری قەدەغە بکرێت.

واتە نایەڵێن ئەم وڵاتانە هیچ شتێك بۆ دروستکردنی یان پیتاندنی یۆرانیۆم بە ئێران بفرۆشرێتو ئەو کەسانەش کە پسپۆڕن لەم بوارەدا نابێت سەردانی ئێران بکەن، ئەوە جگە لەوەی لە بڕیارەکەدا هاتووە کەپێداویستیو پسپۆڕی بواری مووشەکی دوورهاوێژیش قەدەغەکراوەو پارەی بلۆکراوی ١١ ڕێکخراوو ١٢ کەسایەتیش کە پەیوەندییان بەبەرنامەی ئەتۆمی ئێرانەوە هەبووە دەستیان بەسەردا گیراوە.

بۆئەم مەبەستەش ئەنجومەنی ئاسایش جارێکی دی داوای لە ئێران کرد پیتاندنی یۆرانیۆم لەوڵاتەکەی ڕاگرێت، ماوەی ٦٠ ڕۆژیشی لەبەردەمدا داناوە کە وەڵامی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش بداتەوەو گوێ لە ئامۆژگارییەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بگرێت، چونکە لەدوای ئەم دوومانگە دەبێت ڕاپۆرتێکی تێرورتەسەل پێشکەش بەئەنجومەنی ئاسایش بکات،تا ئەنجومەن بزانێ تا چەند ئێران بڕیارەکانی جێبەجێکردووە، چونکە پێشتریش ئەنجومەنی ئاسایش ماوەی ٣٠ ڕۆژی بۆ ئێران دیاریکرد کە دەست لە پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵگرێت، بەڵام ئێران سووربوونی خۆی دووپات کردەوە، بۆیە دواجار بڕیاری سزای دیاریکراوی بەسەردا سەپاندو لەکاتێکدا ئەگەر دوای ئەم ٦٠ ڕۆژەش ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی لەبەرژەوەندی ئێراندا نەبێ، ئەوە جارێکی دی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ئەم مەبەستە کۆدەبێتەوەو بڕیاری دی وەردەگیرێ.

لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشدا هاتووە کە وڵاتانی ئەندام نابێت قوتابیانی ئێرانی لەو کۆلێژو پەیمانگایانەدا وەربگرن کە پەیوەندییان بەتەکنەلۆژیای ئەتۆمییەوە هەیە، دوای ئەو دوو مانگەش کە بۆ ئێران دیاریکراوەو بڕیاری وازهێنان لە پیتاندنی یۆرانیۆم بدات، ئەوە سەرجەم سزاکان لەسەر ئێران هەڵدەگیرێن، بەڵام ئەگەر ئێران وەڵامی بڕیارەکانی ئەنجومەن نەداتەوە ئەوە هەر بەپێی مادەی ٤١ کە بەندی سزاکانە، ئێراندووچاری گەمارۆیەکی خەستتر دەبێت کە سزای ئابووریو دیپلۆماسی لەخۆدەگرێت (جان مارك بالێوزی فەرەنسی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەونووسیدا دەڵێ: ئەمە نامەیەکی ئاشکرایە بۆ تاران بۆیە لەسەر ئێران دوو هێڵی ستراتیجی دیاریکراوە، یان ئەوەتا داواکارییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکات، یان زیاتر خۆی گۆشەگیر دەکات)..

(ئەمیر جونز) بالێوزی بەریتانیاش دەڵێ (هیواداریـن ئێران بگەڕێتەوە سەرمێزی گفتوگۆ، بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەگەر ئێران لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان یاخی بێت ئەوە دووچاری سزای زۆر تونەتر دەبێتەوە بەتەواوی دوور دەخرێتەوە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆیە لەهەر کاتێکدا پێویست بێت ئەوە دەگەڕێینەوە ئەنجومەنی ئاسایشو گەمارۆی زیاتر دەخەینە سەر ئێران، ڕوسیاش دەڵێ ئەمە دەرفەتێکی باشە لە بەردەم ئێراندا تا بە خۆیدا بچێتەوە، هۆشداری ئەوەشیدا کە مادەی ٤١ کەمترین سزایەو ئێرانی لە ڕێگەی گورزی سەربازی دوورخستەوە! بۆیە پێویستە لەسەری بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بەهەند وەربگرێت.

لە یەکەم لێدوانیشدا کە دوێنێ بەرپرسێکی حکومی ئێران ڕایگەیاند: دەڵێ: بەردەوام دەبین لە پیتاندنی یۆرانیۆم، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەکۆی دەنگ بڕیاری سزای لەسەردراوین. سەرۆکی پەرلەمانیش لە لێدوانێکدا گوتی:ئەگەر هەوڵەکانی نوێنەرانی ئەتەوەکانی ئێران شکستیان هێنا لەو مافانەی کە هەیانەو ئەویش بەدەستهێنانی تەکنەلۆجیای ئەتۆمییە، ئەوە پەرلەمان لە مافی خۆی دانابەزێو جارێکی دی بڕیار لەسەر بەرهەمهێنانی یۆرانیۆم ڕادەگەیەنێ.

سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی نەتەوەیی لە ئەنجومەنی شووراى ئێرانی دەڵێ: ئەم بڕیارە حکومەتو پەرلەمانی ئێرانی سوورتر دەکات لە دەست بەرنەدان لە بەرهەمهێنانی یۆرانیۆم.

هەر لە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش، تەواوی هاوولاتییانی ئێرانی نیگەران کرد، بەتایبەتیش بە سووربوونی بەرپرسانی ئێرانی لە پیتاندنی یۆرانیۆم بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕاپرسی، چونکە ناوەندێکی نێودەوڵەتی بێلایەن لە ڕاپرسییەکی نهێنیدا کە بەر لە دەرچوونی بڕیارەکە لەناو زۆربەی چینو توێژەکانی ئێرانی ئەنجامی دابوو، لایەنی حکومی نەگرتبووە خۆ لە ٨٩٪ هاوولاتییان پێیان باش بووە ئێران دەست لە پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵگرێو ڕووبەڕووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەبێتەوە، ئێستاش هەر سزایەك بەسەر ئێراندا بسەپێ هاوولاتییان باجەکەی دەدەنو مەترسییەکی گەورە بۆ ئابووری ئێران دروست دەکا.